

# سەگە بەختەوەرەکان

**بورهان ئەحمەد**
**(کەرکووک)**

وەک تووتکە سەگێک دایکی ئۆتۆمۆبیل شێلابێتی، ڕووم کردۆتە ئاسمان و دەلوورێنم، دەنگێکی تایبەتی دەردەکەم، دەنگێک لە حەپە و وەڕین و نووزانەوەی هیچ سەگێکی تری ئەم گۆی زەوییە نەچێت.

سەگەکانی هەموو دنیا لە من و منەکان و سەگەکانی ئێرە دڵخۆش و بەختەوەرترن. سەرەڕای ئەوەی سەگ و مرۆڤەکانی ئەوێ لە شارە بێ نەوتەکاندا دەژین، بەڵام هەمیشە کەیفساز و کامەران دیارن، پێکەنین ڕوخساریان بەجێ ناهێڵێ، بەردەوام دەتریقێنەوە، خلیسکانێ لەسەر بەفردا دەکەن، لە زستانە زۆر ساردەکاندا لە ئاوی شلەتێنی مەلەوانگە سەر داخراوەکاندا خەریکی گەمە و یاری و مەلەوانین، لە ڕۆژانی بەفربارینددا بە چیاکاندا هەڵدەگەڕێن، لەسەر شۆستەکان ڕێڕەوی تایبەت بە خۆیان دەناسنەوە.

منی سەگ لەو سەگەی دەڕوانم، کە لە تاو تینی گەرمای هەڵقرچێنەری ئەم هاوینە سێبەری شێدار و تەڕێتی ژێر دارکالبتۆزەکەی بەردەم ماڵمانی کردۆتە پەناگە و داڵدە، ئەویش بە هەمان شێوە بە نیگاکانی بە قووڵی لە من دەڕوانێ.

(کامان لە ئەوی ترمان سەگێکی بە سەزمانترین...؟)

هەردووکمان یەک وەڵامان پێیە و هەر بە تێڕامان و بە نیگا بەرسڤی یەکتر دەدەینەوە:

(ژیان لە شارێکی نەوتاوی و دەوڵەمەنددا بەختەوەری نییە ئەگەر یەکسانی تێدا نەبوو، بەڵکو لە شارێکی نەدار و کەمدەرامەتدا بەختەوەرییە، ئەگەر هەژاری بە یەکسانی تێیدا دابەش کرابێت.)

**مردوویەکی بەختەوەر**

دوای هاوسەرگیرییان هەر تەنیا ساڵێک پێکەوە نووستن، ژنەکە لە دەنگی جیرە جیڕی ددانەکانی پیاوەکەی بێزار

بووبوو، پیاوەکەش لە دەنگی لە یەکتر خشانی پاژنە زبرەکانی ژنەکەی بە لێفە و پەتووەکاندا.

لەو ژوورەی هەردووکیان ڕێک کەوتبوون تێیدا بنوون و جووت بن، وێنەیەکی باوکی مێردەکەی بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو.

ژنەکە هیچ جارێک لە گەڵیا جووت نەدەبوو تاکو وێنەکە سەرەوگێڕ نەکرێت، هەموو جارێک دەبووا وێنەکە ئەم دیو و ئەو دیو بکرێت، هەموو جارێکیش بە مێردەکەی دەوت:

- من شەرم دەمگرێت، چۆن دەبێت بە بەرچاوی باوکتەوە ئیشی وا بکەین..؟

خاوەنی ئەم وێنەیە مردوویەکی بەختەوەرە، لە ژیانی مەنگ و وەستاوی گەلێک زیندوو و پڕ جووڵە و بزاڤترە.

**پیرێکی بەختەوەر**

گوێم لێبوو، کوڕە گەنجە کۆنە کڕەکە لە کۆڵان پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد:

(هەموو شتێکی کۆن دەکڕین).

لە دڵی خۆمدا وتم:

(پێدەچێت کەس پیاوی کۆن نەکڕێت، تەنانەت مردنیش).

پێم وابوو ئەم ڕستەیەم لە دڵی خۆمدا وتووە، نەمزانی (لارسا)ی کچەزام بیستوویەتی.

وتی: نا... نا... باپیرە گیان، پیرەکان چاوگی بەختەوەری و کانگای حیکمەت و توحفەی ناو ماڵن، گشت پیرێک خەزێنەی خۆشەویستی و قاسەی میهرەبانییە.

**ڕوفاتێکی بەختەوەر**

بە پاساوی جوانکردنی شار، شارەوانی بڕیاری دابوو بەشی سەرەوەی گۆڕستانی گەڕەکەکەمان، کە دەیکردە نیوەی زیاتری گۆڕستانەکە تێکبدات و بیکات بە شەقامێکی قیرتاو، بە بیانووی ئەوەی شار فراوان و قەرەباڵغتر بووە، میریش ئەرکێتی خەڵک لەو جەنجاڵییە دەرباز بکات، بە گوێرەی دەوڵەتەوە ئەمە وەڵامێکی باش بوو بۆ تێکدان و گۆڕینی دیموگرافیا و سیمای شار، لە هەمان کاتیشدا هەوڵێک بوو بۆ بڵاوەپێکردنی خەڵکە ڕاستەقینە و ڕەسەنەکەی گەڕەکەکەمان بۆ هەندێ شوێن و گەڕەکی تر.

لەبەر ئەوەی گۆڕەکەی باپیرەم دەکەوتە ئەو بەشەی بەر تێکدان دەکەوت، منیش جوانترین یادەوەری سەردەمی منداڵیم لە ژێر ئەو گۆڕەدا هەناسەی دەدا و بە زیندوویی مابووەوە، باپیرەم بە ئەندازەی دایکم یادەوەری جوان، ئاونگاوی، تەڕ و پاراوی لە خوێنما چاندبوو، لەسەر ئێسکوپڕووسکم هەڵیکۆڵیبوو.

شتێک بە توندی، شتێک نەبینراو، بەڵام هەست پێکراو، نادیار، وەلێ ڕوون و ناسراو لە ناخی ناخمەوە هانی دام ڕوفاتەکەی بۆ شوێنێکی تر، لە گۆڕستانێکی تردا بگوازمەوە.

ئەو ڕۆژەی لەگەڵ برا بچووکەکەمدا گۆڕەکەیمان هەڵدایەوە، بینیمان کاسەی سەری بووەتە پەپوولەیەکی گەورەی مۆمیا کراوی نەخشین، ئەندامەکانی لەشیشی بە پەپوولەی ورد وردی ڕەنگاوڕەنگ.

بە براکەم وت:

- تکایە دەستی لێ نەدەی، با دەستی مرۆڤی نەگاتێ... با دەستە نەوتاوییەکانی ئێمەی بەرنەکەوێت..؟

بەڵام نەدەکرا بە بێ دەست لێدانی بتوانین ڕوفاتەکە بگوازینەوە.

هەر کە دەستەکانی ئێمە بەر ڕوفاتەکە کەوت، هەموو پەپوولەکان هەڵوەرین و بوون بە گەرد و تۆز و بە ئاسماندا پەرتوبڵاو بوونەوە.

ئێستاکە گۆڕەکەی باپیرم شوێنەکەی ڕوون و دیارە، بەڵام ئەوەی ناڕوون و نادیارە ئەوەیە ئایا من بۆ ئەوەی باپیرم گۆڕ بزر نەبێ، ڕوفاتەکەیم گواستەوە، یان بۆ ئەوەی یادەوەرییەکانم گۆڕ بزر نەبن ئەم کارەم؟

ئەوەتا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕایەڵەی پێوەندیم بەو گۆڕ و ڕوفاتەوە زیاتر دەپچڕێت، ئیتر باپیرەم و یادەوەرییە جوانەکانی وەک جاران کۆمەک بە ڕوحم ناکەن.

**کەسێک بەختەوەری بزر کردووە**

کوڕە گەنجەکە بە بێ هەبوونی هیچ بەربەست و ئاستەنگێک پێی هەڵدەکەوێت و دەکەوێت، خوێن بە دەم و کەپوویدا دێتە خوارێ و کەمێکیش ڕوومەتی دەڕووشێ.

پیاوێکی پیر ئەمە دەبینێت و بە هانایەوە دەچێت، لە سڕینەوە و دەم و چاو شووشتنیا یارمەتی دەدا و هاوکاری دەکات.

پاش کەمێک پشوو، زۆر بە هێمنی بە کوڕە گەنجەکە دەڵێت:

- ڕۆڵە بۆچی کەوتی؟ خۆ هیچ بەربەست و ئاستەنگێک بەر پێتی نەگرتبوو!؟

- مامە گیان کەسی هەژار و نەدار، بەتایبەتیش ئەگەر عاشق بوو، پێی لە هەوا و پەپوولە و لۆکەش هەڵدەکەوێ.

**مایسی ٢٠١٧**